پێوستە بە میکانیزمێکی تازە و ڕێکوپێک گرفتەکانی ئەمریکا لە عێراقی فیدرال چارەسەر بکرێت

نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش

ستیڤن تاتایی

ستیڤن تاتایی دانەرێکی کتێبی کوردە خاوەن چەندین کتێبی پەیوەندار بەچەنگی ئێراقە، کوردو کوردستان بە ئینگلیزی، ناوبراو، دامەزرێنەری (NGO)ی (K.U.R.D) ە لە ساڵی 1991، دۆزینەوەی یارمەتی بۆ پەنابەران کەنالی تێبەڕبوونی ئارامی، هەروەها کاندیدی سینەتۆری ئەمریکا بوو لە 2006 دا، جێگایەک بۆ ئەمریکا، ملمالێ هەڵبژاردنی ساڵی 2002 لە وایت هاوس، تاتایی لە ساڵی 1976 لە هاوایی دەڤی بروانامەی لەزانستی سیاسی بەدەست هێناوە، هەروەها بروانامەی پیرکاری لە یو ئێچ مانۆ بەدەست هێناوە، نوسیویەتی و خوێندویەتی بەبەرفراوانی دەربارەی کورد و مێژووی کورد. بارودۆخی هاوچەرخی سیاسەتی کورد لەساڵی 1920 و دابەشکردنی نادادپەروەری لە کوردستان لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە، زۆربەی جەنگەکان دەیێتە هۆی سەربەخۆی، گیرخواردن بەدەست جەنگی ئەمرۆی ئێراق.

هەروەک و ئەمەت بەسەر سەرکردەکانی کوردا سەپاندووە تا ئێستا دوو تیپی سەربازی کورد ڕەوانەی ناوچە عەرەبییەکان کراوە بەشێوەیەکی کەلتووری ئەمە هەستەوەر نییە. کاتێک ئێمە چاوەڕێی ژیان لە کورد دەکەین لە هەمانکات ئەوان هیچ پەیوەندییەکان بەمەسەلەی سونەو شیعەوە نییە. با هیچی تر وا لە کوردنەکرێت کە پێشمەرگە بنێرن بۆ ناوچەکانی شیعەو سوننە کاریان پێ بکرێ هەروەک شەڕەکەی بەکرێ گیراوی ئێمە، فشاریان دەخرێتەسەر بۆ ئەوەی عەرەب بکوژان بەبێ ویستی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن ئەمەش کارێکی باش نییە بۆ داهاتووی دراوسێیەتی کوردو عەرەب کە هاوسنوورن لە باشووری کوردستانەوە کورد قەت نابنە هێزی ئاشتی پارێز لەناوچە عەرەبەکان ئەوان تەنها ئاشتی پارێزی کوردن لە هەرێمی کوردینی خۆیان کە هەمیشە ئەوە کاریان بووە. ئەوە چاوەڕوان ناکرێت کە بەشداری بە کورد بکرێت بەم شێوەیە سەرەڕایی ئەوەی بەسەر سڤیلی کورد هات لە 1920وە زیاتریش لە ساڵی 1963 کە سەددامییەکان دەستیان کرد بە خاپورکردنیان ئەوە شتێکی ناراستەقینەیە، ناحەق، دژی ڕەوشت و بنەماکانی بەرگریکردنی مافی مرۆڤە.

بەڕاستی ئەگەر ئەمریکا خاڵی نادادەوەری لە سەرتاپای جیهان پەیڕەو بکات ئەوا بەزووترین کات ئێمە بەرەو نەمان هەنگاو دەنێین، بەڵام قوربانییەکان دووبارە نابنەوە قوربانی ڕێگا چارەی خێرا بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەم شەڕە دەبێت سەرەتا دەست بەوە بکرێت کە ڕێگابە کورد بدرێت باکوری ئێراق سەربەخۆیی سێ 3 ساڵ لەمەوبەر بۆ ئەوەی لەگەڵ بنیاتنانەوەی شوێنە وێرانەکانی ساڵی 1987 هەنگاو بنێین کە دەبوایە لەلایەنی کەم هەنگاوی ئاشتی هێورکردنەوەو ئاسایشمان بنایە. مانەوەی کورد لە بواری جەنگ لەگەڵ عەرەب شتێکی بێ ڕەوشتییە نابێت سەیری کورد بکرێت وەک بەمنال بەخێوکەری تائیفەی عەرەب نابێت مافی کورد زەوت بکرێت چی تر. نابێت گوێران کاری بە ئارەزووی خۆیان لەسەر پارەی پرۆژەی بنیاتنانەوە بکەن، هەروەک ئێستا تێکڕایی 8 بلیۆن دۆلار وەرگیراوە نەک 1,2 بلیۆن بە تەدریجی.

ئەگەر لەکورد گەڕێن لە ناوچە ئەمنییەکانی خۆیان بە بەهێزی دەمێنەوە ئەوکات ئێمە تەنها نیگەران دەبین لە باشوور ڕۆژئاوای بەغدا کارەکانمان لەم شوێنانە تەنانەت ئاسانتر دەبێت، ئێمە کوردمان بە ئاسانی بەندکردووە تەنانەت پاش بەندکردنی بەهێز لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە ئێمە پێویستە ئەوە بگۆڕین بەرێز، سەربەخۆیی کورد لە نێو لەپێ دەستمان دایە ئەم چاوەڕوانییە بۆ چییە؟ شیعەو سوننە لە نێو کورد دانین قەت کێشەش لەم بارەیەوە نەبووە ئەگەر سەیری میژووی پێکدادانەکان بکەین کە ڕووبەری کورد بوونەوە لەدوای ساڵی 1923 وە کە عەرەب هاتونەتە ناوچەکانیان بەهێز داگیریان کردون قەت یەکگرتوویی لە ئێراق لە نێوان کوردو عەرەب و تورک و فارس نەبووە. تەنانەت لەسووریاو تورکیا و ئێرانیشەوە پاش ئەو هەموو شەڕە خۆیناوییە بە هەڵەبجەو ئەنفالەوەش ئەو چوار ولاتە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە ئەگەر بەبیرت بێتنەموە ئەو پارچە کراوانە هەموویان دەستکردە لەلایەن هێزی داگیرکاری ئەوروپا بە هەڵە دانراوە لە ئەنجامی پلانە سەرقاڵەکانی بەشکردنی نەتەوەکانی جیهان. ئەوەش یەکێک بوو لە ناقانوونی ترینیان پرۆژەیەکی دڵ ڕەقانە بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی مەزنی خەڵک ڕەسەنی ناوچەکە نزیکەی 3,5 ملیۆن کوردی سڤیل بکوژرێن، کوردستانی گەورە دانیشتوانی 50 ملیۆن کەس دەبێت تا ئێستا خاوەنی وڵاتی سەربەخۆیی نییە کە دابەشکراوە بۆسەر چوار وڵات کەچی عەرەب 22 وڵاتیان هەیە، تورک وڵاتیان هەیە فارس 3 وڵاتیان هەیە. بەڕێز ئێمە ستراتیژییکی هەڵەمان هەیە لەم جەنگە. خۆپەدەستەودان و نکۆڵی کردن ژیانی لەدەست چوانی جەنگ ناگەڕێنێتەوە، هەروەک لە جەنگەکانی پێشوو. دیموکراتەکان مەزنتر بەرپرسیارییەتی ئەو خەتابارکردنە لە ئەستۆ دەگرن، لەمەڕ نەبوونی هاوکاریکردن و دەمەقاڵەو مشتومڕی بێ هودەی نێوانیان، پێویستە بەخۆمان دابچینەوە و هەڵەکانمان ڕاست کەینەوە هەموو دونیا ئاگادارە لە ڕاستییەکان ئەو ڕژێمانەی کە بەفەرمانی ئێوە CIAی نهێنیی وپلانی جێبەجێکردنی نهێنی جڵەوی دەستەڵاتیان وەرگرتووە بەهۆی کارامەیی ئێمە لە سیاسەتەکانی ئەوان بەهەمان ئەنجام، مەبەستی پێشومان هەمیشە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نەبووە، هەستیارترە لە پێشوو هەروەکو من بە ئارەزوویەکی ڕۆژهەڵاتی» دادەنێم ئەوە زیانی بەبنەماکانی ئازادی ئەمەریکامانی گەیاند، زیان بە ئاشتی و دادپەروەری لە چوارچێوەی جیهان گەیاند، دەزانم کە ئەوە زەحمەتە بۆتۆ کە کەسایەتییە ئەمریکییەکەمان بۆ بگەڕێننەوە، بەڵام هەروەکو دانپێدانە لە دژی هەموو ئەگەرەکان وەستاوی، خوای بااڵ دەست و پشتوپەنات بێت ئەگەر لە زۆربەی دیموکراتە سەرلێشاوەکان بێ هەستی تێگەیشت لە جەنگ بێنەسەر دەسەڵات، هەندێکیان نەبێت زۆربەیان چۆک بەوەدادەن کەچی بۆ کورد بەدەست هاتووە، دەست دەکەن بەهەمان ڕێگا ڕۆبن پێشینەکانی خۆیان بۆ گەڕانەوەی ڕژێمی کێپکەرەوەو دا پلۆستینەر هاوشێوەی ڕژێمی سەددام ئێمە نانوانین زیاتر لەوە چاوەڕێ بکەین بۆ ئەم کارەساتە گەورەم، پێویستە پاڵپشتی کورد بکەین لە پرۆسەی بنیات نانی نەتەوەیی هەمیشەییان دووبار نەبنکە سەربازیەکانی کورد یان پێشمەرگە پێویستە ناکات بەشدار بێت لە جەنگی نێوان شیعەو سونە، دەبێت لەهەرێمەکەی خۆیان پارێزگاری لە خاک و خەڵکی خۆیان بکەین لە چوارچێوەی نەخشەی کوردی لە باکووری وڵات. گەورەم من و تۆ هیچمان کورد نین، بەڵام پێویستە داخوازیەکانیان جێبەجێبکەین ئەوە بکەین کە ئەوان ئارەزوویانە لە کوشتی ئەو گومان لێکراوانەو مەترسیانەی سەرکێشگە تەوتیبەکان لە کوردستان نەک لەبەسڕە پێویستە پێشان بدرێت کە بەجیهانکردن جیاوازی نییە لەگەڵ داگیرکاری مەگەر جیاوازیەکی کەمی پێناسەیی نەبێت، ئەگەر بەجیهانیکردن ببێت کە نەبوو ئەوا پڕۆسەکە نابێت بەخێرایی ملیۆنەها بێگوناهی سیڤیلی کورد نەوتنی پێ دەربهێنرێ لە کوردستان، ئەوکاتە سەرە ناپیرۆزەکان ناتوانن کورد بکوژن، بەڵام ئەگەر مێشکی تەسکیان بەکارهێنا لەگەڵ ڕوانگە لاوازەکەیان، ئەوا دەتوانن ببینن کەوا دەتوانن نەوت لە کورد بکڕن، هەروەها لە بەسڕە لە نەتەوەی عەرەب بکڕن، مەسەلەکە تەنها کاتە ئەو خاوەن مافانە کورد و عەرەب فێر دەبن کە پارەی ڕاستەقینەی نەوت دابەش نەکەن لەسەر ڕێگای کۆن لە نێوان خۆیان بۆ گەڕانەوەی ڕژێمی تۆمارکردنی کریدت لە سیستەمی بانکی جیهانی بەبێ ئەوەی بەدەست پارە بگۆڕدرێتەوە تەنها بەهایەکی کەم نەبێت کە بەکاش وەردەگیرێت، بۆیە ئەم سیستەمە گرنگە. نابێت بەشی بنیات نانەوەی کورد دوابکەوێت کە بەشەکەی 23 بلیۆن دۆلارە. (1,2) بلیۆن دۆلار بەس نییە. بەشی ڕاستەقینە 8 بلیۆن دۆلارە کە دەبێت پارەی لێ بدرێت، موچەی پێ بدرێت کەلوپەلی بنیایەی پێ بکردرێت و چەندەها شتی تری پێویست بەهەڵواسراوی ماوە کە باسی لێوە بکەم ئێستا لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان بە هەزاران پانابەری کوردی ناوخۆ پێویستیان بەخانوو هەیە کوردستان پێویستی بە وێستگەی کارەبای گەورە هەیە کە پلانی بۆ دابڕێژرێ ئەنجام بدرێت هەریەکەیان بۆ 2 ملیۆن کەس، پلانی ئاوی خواردنەوەیان پێویستە، هەروەها بنیات نانەوەی ڕێگاوبان. ڕاشکاوانە گەوڕەم پێموایە لە ڕابردوو ئێمە خەم سارەبووین بێ هەست بوین لە سیاسەتی دەرەوەمان بەرامبەر بەکورد، لەماوەی سەدەی ڕابردوودا. لێرەدا من هەوڵ دەدەم ئەم ڕەخنانە بەبیرت بێنمەوە کە دەربارەی خەڵکی کورد دەکرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بەڕاستی نزیک نەبینەوە بەزووترین کات. ئێمە خیانەتێکی تر لە کورد دەکەین و ئەو هەڕەمە جێ دەهێڵین بەبێ وڵاتی خەڵکی کورد بەکراوەیی بۆ ئەو وڵاتانەی کە باسمان کرد و دەکەونە بەر هێرشی نەژاد پەرستی، جیاتی ئەوەی کورد پرچەک ئەکەین یەکەم جار دەچێن سونەی عەرەب پرچەک دەکەین، ئەو کوردانەی کە بەهێزترین هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە جەنگدا وەلامی داخوازی سکرتێرەکەت بدەوە لەسەر بەشداری کردنی پێشمەرگە هەروەک لە پێشتریش وتومە کە داوایەکی بەڕەوشتانە نییە.لە هەینی ڕابردوو لەمیدیاکان وا پێشنیارکرا، کە ئەو بۆمبەی ئاراستەی مزگەوتی سامەڕا کراوە لەلایەن چەند ئەمریکاییەکی نەناسراوبوو. بەڵام دیاریان نەکردووە کەکێ ئەنجامی داوەو چ گرووپێک بووە، لە ژێر ئەمری چ گرووپێک بووە، ئەگەر ئەوە ڕاستە، ئەوە بەڕاستی نەخۆشیە و لاوازیە و دەبێت بگەین بە ئەنجامی لێ کۆڵینەوە بێدەزێنەوە کەکێ ئەوەی کردووە من پێم وانییە ئەو ڕاست بێت ئەگەر هەرشتێک بووبێ لە کەمپی دەرەوەی دوژمنانمان هاتووە. من پێمواییە چوار هەنگاوی سادە بنێین زۆر بەخێرایی، و کۆتایی بەم جەنگە شێرزەیە بهێنین. کە ئەمانەن

1- ڕاگەیاندنی باشوری کوردستان لە باکوری ئێراق کە خۆیان یاسای خۆیان بەرێوە دەبەن لەساڵی 1992وە بەزۆترین کات بەن بەوڵاتی سەربەخۆ وە UN بەدەرفەتیان بدات بۆ ئەوەی ببنە ئەندام، ئێمەش سێ ساڵ لە پاشین بۆکردنی ئەم کارە هەردوو پارتی سەرەکی کوردی یەکیان گرتووە لەم ماوەی ئەم بێ وڵاتییەدا کە ئەمەش خزمەت بەنەتەوەی کورد دەکات، کە لەساڵی 1920 و ئەمەی بەخۆوە نەبینیبوە، هەروەها خزمەت بە ئەمریکاوی و ئازەروی یەکیانیش دەکات، بۆیە پێویستە سوپاسی خوا بکەین کە ئەوان (کورد) توانییانە بەرگری لە خۆیان بکەن، بەم چەکە کەم بەرگرییانە، بەڵام بەتوندی بونەتە قوربانی و ئەشکەنجە دراون پاش ئەو هەموو ساڵە هەر درێژە بە خەبات دەدەن لە ساڵی 1923 لە هەرچوار لا تێهەڵدەدرێن، بەهێزی سەربازی دابەش کراون بۆ چەند پارچە لەم کاتەدا پێویستە بەخێرایی کاربکەین پێش ئەوەی متمانەمان لەدەست بدەین لە نێو نەتەوەکان ئەوە پشمانی لەدوایە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدرێت.

2- بە ڕایگەیەنین ڕۆژی کشانەوەمان وەپێش هاتنی ئەم ڕۆژە بائاشتی بەرقەرار بکەین لە نێوان سونەو شیعەی عەرەب داواکارییەکی پیاوانەیە ئەگەر دوای بەجێهێشتنی زووتر بکەن، بەڵام بەمتمانەی ئەمنییەوە وەجێگیری لە نێوان هەردوو شیعەو سوننە لەم کاتەی کورد خۆی بەرێوە دەبات لەساڵی 1992 وە، و ئێمە سەدامان تێهەڵدا بەوڵاوە هەندێ شتی نائاسایی بەجێ هێشت لە دوای خۆی وەکو سەددامییەکان و شەڕکاری دەرەکی دەبێت لەلایەن خەڵکەوە دەربپەڕێندرێن.

3- ئێمە دەبێت یارمەتی کورد بدەین بۆ تەواکردن و جێبەجێکردنی مادەی 140 هەرچی زووە ڕێگایان پێ بدەین بۆ پاککردنەوەی هەموو ئەوشارو شارۆچکانەی بەنەتەوە کوردین وەگەڕانەوەی ئاسایش لەلایەن هێزی کوردیەوە بۆیان کە ئەمەش شاروشارۆچکەو گوند دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی هێڵی (36)ە بۆ ئەوە بگەڕێنەوە سەرماف و خاوەن داریەتی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی پاشایی کوردستان کە سەرۆکایەتی دەکرێ لەلایەن دڵسۆز سەرۆک مەسعود بارزانی نەک لەژێر هەر نەناسراوێکی ناکورد حوکم بکرێن، چونکە کورد قەت خاکی کەسی داگیرنەکردووە قەتیش لێناگەڕێن خاکی کەس داگیربکەن هێشتا خاکی دایکیان خەڵک دەستی سەر داگرتووە ئەمەش مەبەستمان کەرکووکە و لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ناوچەکانی کوردستان.

4- با ئەوە ڕوون بێت بۆ تورکیا و ئێران کە ئەوان کردەی سەربازی نەنوێنن لە ناوچە کوردیەکان ئەگەر ئەوان هەنگاوێکیش دزە بکەن بۆ خاکی کوردستان بەبێ ڤیزە یان مۆڵەت ئەوا ئەو خاکەی کە لەلایەن ئەوانەوە داگیرکراوە دەبێت ئازاد بکرێت. لەم وڵاتانە سەرەڕای ڕێزگرتن لە کوردستانیش بگرن و دەبێت حکومی ئۆتۆنۆمی بدەن بەم کوردانەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و نابێ جیاوازی لە نێوان کوردو فارس و تورک بکەن و یارمەتی ئەوە و چاککردنەوەی ئاسەواری جەنگ و بەپێوانەی کردنی ناوچە کوردیەکان وەک ناوچەکانی دیکەی خۆیان لە بواری گەشەو پێشکەوتن ئەگەر نا پلانی سەربەخۆیی کوردستان بەکراوەیی لەسەر میزی سەربەخۆیی جێگیر دەبێ.

سوپاس سەرۆک بەختەوەر بیت لە کۆتاهێنانی جەنگ هیواخوازین هێنی وەکو پاڵەوانێکی جەنگ هیواخوازین هێنی وەکو پاڵەوانێکی ئازادی سەرۆکی ئەمریکا لە ئێراقمان و ڕۆژی لە دایک بونت پیرۆزبێت.

و: مەسعود مەحمود

گوڵ و دڕک

فەلەکەدین کاکەیی

جلی خاکیی پێشمەرگە

چ باش، چ خراپ، چ جوان چ ناشیرین، هەرشتێک مێژووی هەیە. مێژووش هەر مێژووە، لێمان نابێتەوە. بەخۆمانیش حەز ناکەین لە مێژوو بکرێینەوە.

(شەوکەتی مەلا سمایل)، دامەزرێنەرو سەرۆکی وێستگەی بێتەلی شۆڕش (1962-1975) لە کتێبی (ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول)، ئەمساڵ لەلایەنی نووسینگەی تەفسیر هەولێرەوە، بڵاوکراوەتەوە هەندێ لاپەڕەی وردی ڕۆژانی ئەیلوولی (1975-1961) تۆمار کردووە. دەنووسێ:

- لە دەوروبەری کانونی یەک مانگی 12 ساڵی 1962، کاتێ لە دەوروبەری دەشتی بێتوێن بووین، لەناو هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا بوون من یەکەم پێشمەرگە بووم جلی خاکی پێشمەرگەم لەبەرکرد. جلی سەرجەم لێپرسراوەکانی پ.د.ک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بریتی بوو لە ڕانکو چۆغە، یا شەڕواڵ و مراخانی (کورتەک و شەڕواڵ)، هەموو (پ.م)ی ئەو هێزەی لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا بوون، هەروەها پێشمەرگەی هێزەکانی ناوچەی بادینان کورتەک و شەڕواڵیان لەبەر دەکرد.

شەوکەت ئەمجا دەنووسێ:

- جلی خاکی پێشمەرگە لە دوای ساڵانی 1964ەوە لە ناو هێزەکانی ناوچەی بادینان بوو بەباو.

ئەو لێپرسراوانەی پ.د.ک کە لە بێتواتە بوون، دوای من بەیەک دوو مانگ جلی خاکی پێشمەرگەیان لەبەرکرد، لەگەڵ یەلەک و لە قوماشی خاکیی بریقەدار دروستکراو، بەڵام پێشمەرگەکانی سەر بەهێزەکانیانی ناوچەی سۆران بەشی زۆریان جلی خاکییان لەبەر دەکرد.

شەوکەتی مەلا سمایل هەروەها دەنووسێ: کە لە سەرەتای مانگی حوزەیران 1963، ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی ڕۆژهەلات گەڕایەوە 10-15 باری ئێستر جل و بەرگ و پاڵتۆو گۆزەویی و پوزەوانەی خوری و کاڵۆو گۆزەوی مەرەزو لایت و پاتری بۆ لایتەکان و پێڵاوی زۆری بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو. چۆن مناڵان بەجل و بەرگی جەژن خۆشحاڵ دەبن و دەگەشێنەوە ئێمەی پێشمەرگەش بگرە لەو مناڵانە زیاتر بەو شتانە خۆشحاڵ بووین و گەشاینەوە.

تێبینی: شەهید ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران بوو، ئەو جل و بەرگانەی لە خەڵکی ڕۆژهەلاتەوە بە (باربوو) هێنابوو. ئەحمەد تۆفیق و هەڤەڵانی خزمەتی گەورەو شایانیان بەشۆڕشی ئەیلوول و پێشمەرگە پێشکەشکردووە بنووسرێتەوەو جێگەی شایانی لە مێژوومانداو بگرێتەوە.

بەردەوامیی گەمارۆکان لەسەر ئێران

بەڕەسانی ولاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی خۆیاندا، جگەلە باسکردن لەسەر مەسەلە گرنگەکانی ئەم یەکێتی یە، لەسەر بەیاننامەیەکی کورت خایەن، لەهەمان کاتدا هەستیار سەبارەت بە گەمارۆکانی ئێران ڕێککەوتن. ئەو بەیاننامەیە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر کاروباری ئابووری و پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران هەبێت.

بەپێێ ئەم جۆرەی کە هەواڵەکان باسی دەکەن، بەهۆی ئەو بەیاننامەیە، جگەلە ئابلۆقەکانی سەر چەک کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، وەستانی کەشتییەکانی ئێران لە بەندەرەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و هەروەها فرینی فڕۆکەکانی ئێران بەسەر ئەم وڵاتانەدا وەستێنرا.

لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپایی پاش ماوەیەکی کورت لەسەر هاتنە سەر دەستەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی پچڕاو، بەڵام نەبووە هۆی ئیفلیج بوونی ئابووری ئێران.

ئامانجەکانی بەیاننامەکە

هاتنەسەرکاری حکومەتە کۆنەپارێزەکان لە سەرەتادا لە ئەڵمانیا و پاشان لە فەرەنسا بووە هۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆکانی ئەورووپا سەبارەت بە ئێران و پڕۆگرامی ناوەکییەکەی، بەڵام بەهۆی نزیکبوونی سیاسەتەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا لەمەڕ ئێران، ئەورووپا ئێستاش دژایەتی لێدانی سەربازی لە ئێران دەکات.

لە ڕوانگەی ئەورووپاوە توندترکردنی پاڵەپەستۆ سیاسی و ئابووریەکانی لەسەر ئێران، لە کۆتاییدا لەوانەیە ببێتە هۆی نەمانی بەرەنگاربیەکانی ئێران و بەردەوام بوون لەسەر پڕۆگرامە ناوەکییەکەی. ئەورووپا لەمبارەیەوە هیواداوە کە قەناعەت بە ئێران لەگەڵ خاوەیەر سۆڵانا، بەرپرسی سیاسی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا بەبێ ترس لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانە، نیشانەی دوورەپەرێزی ئەورووپا لە ناردنی پەیامی هەڵە بۆ ئێران و دووبارە کردنەوە سەبارەت بە جیدی بوونی گەمارۆی نوێیەکانە.

بەهۆی نزیک بوونی کۆبوونەوەی نوێی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەورووپا چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە وڵاتانی تری جیهان بێنە ڕێزی ئەورووپا و ئەمەریکا، جگەلە ڕێگرتن لە جەنگێکی تر لە کەنداوادا، ڕێگە لە پەرەسەندنی پڕۆگرامە ناوەکییەکەی ئێرانیش بگرن.

و: ئەفشین ئیسماعیلی
سەرچاوە: csnonitor